## پەیامی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەبارەی چارەنوسی پڕۆسەی ئەمساڵی خوێندنی زانكۆو پەیمانگە حكومی و تایبەتەكان لەهەرێمی كوردستان

مامۆستایان و خوێندكاران و قوتابیانی ئازیزی زانكۆكانی كوردستان و دامەزراوەكانی خوێندنی باڵا ...

سەرەتا لە ناخی دڵمەوە پیرۆزبایی جەژنی رەمەزانتان لێدەكەم، هیوای تەندروستی باش بۆ هەمو لایەكتان دەخوازم و هەروەها هیوام وایە كوردستانەكەمان بەرەو ئارامی و سەقامگیری ئابوری و سیاسی و كۆمەڵایەتی زیاتر هەنگاو بنێت، وەک دەزانن بەهۆی سەرهەڵدانی پەتای گشتگیری كۆرۆنا و لێكەوتەكانی و ڕێككارە خۆپارێزیەكان و گرفت و قەیرانی ئابوری، هەرێمەكەمان بە قۆناغێكی دژواردا تێپەڕ دەبێت، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەم قۆناغەدا هەوڵی داوە بەرەچاوكردنی دۆخی ئابوری و سایكۆلۆجی مامۆستایان و قوتابیان و خوێندكاران و پاراستی بەرژەوەندی گشتی چارەسەری واقیعی و گونجاو بۆ پاراستنی خوێندنی ئەمساڵ بدۆزینەوە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی تایبەتی مامۆستایانی ئازیز و فەرمانبەرانی زانكۆكانی كوردستان بكەم كە لەم قۆناغەدا سەرباری قەیران و گرفتەكان توانیان بە گیانی لە خۆبردوویی و هەستكردن بە بەرپرسیارێتی نیشتیمانی هاوكاری پاراستنی پرۆسەی خوێندنی ئەمساڵ بكەن.

هەر وەک پێشتر لە ئەنجومەنی وەزارەت بڕیارمان دابو کە ئەگەر دۆخی تەندروستی هەرێمەکەمان لەبار بێت ئەوا لە ٢٠٢٠/٥/٣١ دەرگای کامپەسی زانکۆکان بکەینەوەو بەردەوامی بە پرۆسەی خوێندن بدەین، بەڵام بەداخەوە دواگۆڕانکاریەکانی دۆخی تەندروستی و ڕێنمایی و ڕاپۆرتەکانی دامەزراوەکانی وەزارەتی تەندروستی پێمان دەڵێن کە لە ئێستادا ناتوانین دەرگای کامپەسەکانی خوێندن بکەینەوە، بەتایبەت قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆکان لە شار و شارۆچکەو شوێنە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستانەوە دێن و لە نێو بەشە ناوخۆییەکاندا نیشتەجی دەبن، هەر بۆیە لەئێستادا گەڕانەوەیان بۆ نێو کامپەس و بەشە ناوخۆییەکان مەترسی بۆ بڵاوبونەوەی زیاتری ئەم پەتایە دروست دەکات، لەم چوارچێوەیەشدا دوای ڕاوێژ و لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێزان سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەت، لە کۆبونەوەی ژمارە (٨)ی نائاسایی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە ئێوارەی رۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٢٦ بەشێوەی ئۆنلاین ئەنجامدرا، دوای تاوتوێکردنی دوا گۆڕانکارییەکانی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناو چارەنوسی پرۆسەی خوێندنی ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠)، لەپێناو بەرژەوەندی گشتی ئەم بڕیارانەی لای خوارەوە درا :

**بڕگەی یەکەم:** ئەو زانکۆیانەی کە پەیڕەوی بۆڵۆنیا پرۆسێس دەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە بڕیاردرا:

1. ئەژمارکردنی هەمو ئەو کریدیتانەی کە خوێندراوەو تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام دراوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠).
2. ئەو کریدیتانەی کە نەخوێندراوە ئەوا دابەش دەکرێت بەسەر سیمیستەرەکانی داهاتوو لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) و لە سیمیستەرەکانی ساڵانی داهاتو دەخوێندرێت، چونکە بە گوێرەی سیستمی بۆڵۆنیا ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە

ڕێگەپێدراوە بە پێی بنەماکانی کۆکردنەوەی کریدیت.

**بڕگەی دووەم:** سیستەمی ساڵانەو سیستەمی کۆرسات: بەم شێوەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێت:

1. هەمو بەشەکان (زانستییەکان و مرۆڤایەتییەکان) ئەنجامی تێرمی یەکەمیان بۆ ئەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی دەرچون یان دەرنەچونی ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠).
2. ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە لە ئەنجامەکانی تێرمی یەکەم دەرنەچون یاخود تاقیکردنەوەیان نەکردوە، ئەوا زانکۆکان لە ڕێگەی ڕاپۆرتی زانستی یاخود هەر میکانیزمێکی تری گونجاو هەڵسەنگاندن ئەنجام ئەدەن، بەبێ ئەوەی قوتابیان و خوێندکاران بگەڕێنەوە نێوکامپەسی زانکۆکان.
3. ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە بەئەنجامەکانی تێرمی یەکەم دەرچون ئەوا سەرپشکن کە دوبارە بەشداربن لەو هەڵسەنگاندنەی کە بە ڕاپۆرت و میکانیزمەکانی تر ئەنجام ئەدرێت، ئەگەر خوێندکارێک بیەوێت نمرەکانی بەرزبکاتەوە لە پێناو پاراستنی کێبڕکێی زانستی.
4. سەبارەت بە توێژینەوەی دەرچونی قۆناغە کۆتاییەکان ئەوا نمرەکان دابەش دەکرێت لە نێوان مامۆستای سەرپەرشتیار و یەک مامۆستای تری هاوپسپۆر کە هەڵسەنگاندن بۆ توێژینەوەکە ئەنجام ئەدات.
5. سەبارەت بە قوتابیان و خوێندکارانی قۆناغی کۆتایی کۆلیجەکانی پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان ئەوا دەنێردرێنە ناو نەخۆشخانەکان بۆ تەواوکردنی لایەنی پراکتیکی وانەکانیان و دواتر هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەنجام ئەدرێت لەبری

تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠).

**بڕگەی سـێیەم:** بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانەی سـەرەوە دەسـەڵات ئەدرێت بە زانکوکان بۆ دارشـتنی وردەکاری جێبەجێکردن لەپێناو ڕەچاوکردن و پاراسـتنی جیاوازی و تایبەتمەندێتی نێوان زانکۆکان.

**بڕگەی چوارەم:** زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانیش ئەم بڕیارانەی سـەرەوە جێبەجێ دەکەن.

**بڕگەی پێنجەم:** سەبارەت بە قوتابیان و خوێندکارانی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا ئەوا بەپێی بڕیارەکانی پێشو و پرۆگرامی خوێندنی خۆیان بەردەوام ئەبن.

لە کۆتاییدا هیوای تەندروستی و سەرکەوتن بۆ یەکەبەیەکەی خوێندکاران و قوتابیان دەخوازم و لە ناخەوە سـوپاسـی دایک و باوک و کەسـوکاری بەڕێزیان دەکەم کە لە پێگەیاندنی ڕۆڵەکانیاندا ماندو بون و درێغییان نەکردوە.

هەروەها جارێکی تر پڕ بەدڵ سوپاسی سەرجەم مامۆستایان و فەرمانبەرە بەڕێزەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکان دەکەم کە هەمیشـە لە پێناو خزمەتکردن و پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی نیشتیمانەکەماندا درێغیان نەکردوە.

ئەمانەی سـەرەوە بەشـێکن لە خاڵە سـەرەکیەکانی بڕیارەکانی کۆبونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی وەزارەت، لە نزیکترین دەرفەتدا وردەکاری زیاتری بڕیارەکان کە وردەکاری زیاتری تێدایە بە ڕێنمایی بۆ زانکۆکان دەنێردرێت، بە ڕەچاوکردنی بڕگەی سێیەم.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک.

**د. ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**٢٠٢٠/٥/٢٦**